# له قوللەی قافەوە
# بۆ
# مێشوولە

و.حەمەسەعید حەسەن

- ئەسپیان ناڵ دەکرد، بۆقیش لاقی بەرز دەکردەوە.
- مانگای تینوو ئاوی خۆی دەخواتەوە و گوێ ناداتە قیڕەی بۆق.
- چاکە کردن لەگەڵ بەدکاراندا، وەك ئاو بەزەریا بەخشینە.
- لەدەست دووپشك هەڵدێی، مار چاوەڕێتە.
- چنگێ بەردی تێ بگرە، یەکێکیان هەر دەیپێکێ.
- لـەدەرگاوە سەرقاڵی دوورخستنەوەی پڵنگ بووین، لەپەنجەرەوە گورگ خۆی بە ماڵدا کرد.
- لەبەر ئەوەی ئەوانەی خێرا ڕێ دەکەن، نان بەر کیسەڵ ناکەوێ.
- بارانی بەهێز بەسەر سەربانی لاوازدا دەبارێ.
- خوێ بفرۆشم باران دەبارێ، ئارد بفرۆشم ڕەشەبا هەڵدەکا.
- نە بەڕۆژی ڕۆشن، مۆم دابگیرسێنە، نە لەبەر گەمژەدا، هونەر بنوێنە.
- ئەگەر دوو نانت هەبوو، یەکێکیان بفرۆشە و پارەکەی بدە بە گوڵ!
- ئەگەر زیرەکی زادەی ڕیش بووایە، بزن دانا دەبوو.
- زەرافە زیرەکە، هەموو شتێ دەبینێ و هیچ ناڵێ.
- ئەگەر مافوورەکەت کونێکی تێدا بوو، لەسەر کونەکە دابنیشە.
- پشیلەی نووستوو، مشکی پێ ناگیرێ.
- گۆزە درز بردووەکەی تۆم لەساغەکەی خۆم پێ باشترە.
- سێوی دراوسێ هەمیشە شیرینترە.
- ئەوی خواردن بەسەگی کەسانی دیکە بدات، سەگی خۆی پێی دەوەڕێ.
- سەگ دزی دەکات و بزن سزا دەدرێ.
- پشیلە دەیدزێ و سەگ دەیخوا.
- ئەوی بەهیوای شتی زۆر باش بێ، دەبێ زۆر چاوەڕوان بێ.
- ئەوی هاوزەمان بە ئومێدی گرتنی دوو کەروێشك بێ، هیچیانی پێ ناگیرێ.
- بەدەستێك دان ڕۆدەکات و بەوی دی بۆ هێلکە دەگەڕێ.

Kurdistan Net

- ئەوی حەزی لە هێلکە بێ، نابێ کارەکەری پێ ناخۆش بێ.
- تا هێلکەکان نەترووکێن، جووجەڵەکان مەژمێرە!
- لە لووتزل وایە، هەمووان باسی لووتی ئەو دەکەن.
- ئەگەر هاوڕێیەتی کەر بکەی، دەبێ چاوەڕێی جووتەش بی.
- پەرژینێك لە نێواندا بێ، هاوڕێیەتی بە گەرمی دەمێنێتەوە.
- دوو پیاو ببێ بە شەڕیان، سەگەکانیشیان بەشەڕ دێن.
- پیاوی وا، هەر سەگی وای دەبێ.
- ئەوی پێ بە مێرووڵەیەکدا بنێ، شارە مێرووڵەیەك لە خۆی دەکا بەدوژمن.
- بۆ ئەوەی شارەزای ڕێگاکە ببیت، دەبێ پرسیار لەو ڕێبوارانە بکەی کە تووشت دێن.
- لە ڕووبارەکە بپەڕێوە، ئەوسا گاڵتە بە تیمساحەکە بکە!
- مارانگاز کە پەتیش ببینێ، دەترسێ.
- ببە بەدۆستی گورگ، بەڵام با هەمیشە تەورت پێ بێ!
- پشت بە خودا ببەستە، وەلێ حوشترەکەش ببەستەوە!
- بیر بەدەرزی لێ نادرێ.
- بە مریشك مەڵێ، بڕۆ ڕێویم بۆ بانگ بکە!
- کەس قرژانگی پێ فێری ڕاست ڕۆیشتن ناکرێ.
- ئەسپ لەکاتی غاردا ناڵ ناکرێ.
- هەموو جلەکانت بە سنگێکدا هەڵمەواسە!
- دوو پێ لە تاکە کەوشێکدا جێیان نابێتەوە.
- گلەیی لە خودا مەکە کە پڵنگی خوولقاندووە، سوپاسی بکە کە باڵیشی پێ نەبەخشیوە.
- پشتم بخورێنی، پشتت دەخورێنم.
- ئەو درەختە مەبڕەوە کە سێبەرت بۆ دەکا.
- گردێکی نەوی، بۆ پیاوێکی پیر، چیایەکی بڵندە.
- بەرانی پیر حەزی لە گیای ناسکە.
- گورگی شەل کەروێشکی پیریشی پێ ڕاو ناکرێ.
- لەنێو بێستاندا، قەیتانی پێڵاو مەبەستەوە، با گومانت لێ نەکەن.
- سمۆرە تەنیا لەبەر ئەوەی بچووکە نابێتە کۆیلەی فیل.
- لێ گەڕێ با مەلان بەسەر سەرتەوە بنیشنەوە، بەڵام مەهێڵە هێلانەی تێدا بکەن!

- ئەوی تەلاری نەدیبێ، تەویلەشی پێ خانووە.
- ئەگەر پۆشاکت لە پووش بوو، ئاگر مەکوژێنەوە !
- شێر بە تۆڕی جاڵجاڵۆکە ناگیرێ.

سەرچاوە:

Ordsprak fran när och fjärran، Lennart Hellsing، Alfabert bokförlag 1998 Stockholm.

Kurdistan Nêt